# دەرگاكانی بێهودەیی

عومەر جەلال
omerjelal@yahoo.com

خەمی شكانەوەی گوڵێك ئازارم دەدات
بێدەنگی مردنی باخچەیەك دەرگاكانی دۆزەخم نیشاندەدات
رۆندكی منداڵێكی تەنیا نائومێدم دەكات
پیربوونی گەڕانی شەقامەكان لەتم دەكات
نەورەسێك دەبینم ناتوانێت بفرێت
باڵەكانی , تەنهایی شكاندوویەتی
دەرگایەكی ئاسودەیم لێدادەخات
هەموو تێپەرینێك بەسەر تەڵەگیایەكدا
تێپەرینە بەسەر تەرمی مندا
كوشتنی نیگایەك كوشتنی مرۆڤێكە لای من
بە پە نجەرەیەك تێڕوانینەوە تەنیا گەڵا هەڵوەریوەكانی پایز هاورێمن
نێرگزە بەرامەكانی بەهار لێم زیزن
لەناو خۆكوشتندا درەگایەك هەیە بۆ بەختەوەری
لەتەنیشت گۆڕستانێكەوە هاورێ ی نوێ دەناسم
هاورێكانم لەماڵی مردن دادەنیشن و دەخۆنەوە
منێك بە (با) دا پەیام بنێرم بۆ ئاسوودەی؟؟!
كام گۆرانی دەرگای خۆیم لێدەكاتەوە؟
كام مۆسیقا دەستم دەگرێت بۆ مەنفای یاد چوونەوە؟
كام هۆنراوە ئاوێتەی منداڵیم دەكات؟
ئاە منداڵی تەنیا لە ماڵی تۆ بەختەوەر بووم
ئازارەكانی منداڵیم لە ئاسودەییەكانی گەورەبوون بە چێژتربوون

کچێك لە دووری خەمی منەوە بانگم دەكات
كاتێك دەگەم تەنیا تارماییە و هیچ
باوكم لەدەرگا دەدات و دیار نامێنێت
برا گەورەكەم كتێبەكانم دەكاتە زبڵاخانەی خێڵەوە
نیشتمان ئەدرەسی مەستیم لێ دەدزێت
من تەنیای لە خۆم دەدزم
هەرخۆم سزای خۆم دەدەم
خۆم قسە لەتەك خۆم ناكەم
خۆم ,خۆم بانگ دەكەم ئاشتم بكاتەوە لەتەك خۆم
خۆم دەبم بەئەو ,
لەبریی ئەو بە خۆم دەڵێم خۆشم ئەوێ ی
هەر خۆم ئەم هۆنراوە دەخوێنمەوە
هەر خۆم دڵی تەنیای خۆم دەدەمەوە
هەر خۆم دەست خۆشی لە خۆم دەكەم
سوپاس بۆ خۆم
كە توانیومە هەر خۆم بم

ئازاری 2007